ئەبوبەکر عەلی (کاروانی)



کێشەی ئافرەت

لە نێوان دیدی ئیسلامیی هاوچەرخ و مارکسیزمدا

"گفتوگۆی فیکری"

33013

SARA CENTER

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناسنامەی کتێب

❖ ناوی کتێب: کێشەی ئافرەت

لەنێوان دیدی ئیسلامیی هاوچەرخ و مارکسیزمدا

❖ نووسینی: ئەبوبەکر عەلی (کاروانی)

❖ هەڵەبڕی: سوهەیب فاروق

❖ دیزاین: هونەر عوسمان

❖ پێوانە: ٢١٠٠١٤سم

❖ ژمارەی لاپەڕە: ٢٦٣ لاپەڕە

❖ نرخ: ٦٠٠٠دینار

❖ نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم/٢٠٢٢

❖ شوێنی چاپ: ناوەندی سارا- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردن( )ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە

ناوەندی سارا

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی_بازاڕی ناوباریك_ نهۆمی دووەم_ بەرامبەر کاسۆمۆل

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

هەر وەک ڕوونە، ئافرەت و کێشەکانی لە مێژووی نوێی جیهان و ناوچەکەدا. بە نیمچەبەردەوامی تەوەرەی مشتومڕی گەرمی نێوان قوتابخانە فەلسەفی و تەوژمە فیکری و سیاسییەکان بووە. کوردستانیش لەمە بەدەر نەبووە. لەو ڕۆژەوە بە هۆی کاریگەربوونی بە شارستانێتیی نوێوە. باس لە کێشە و ماف و ئازادییەکانی ئافرەت بە شێوە نوێکەی هاتۆتە کایەوە. کاردانەوەی جۆراوجۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. هەڵوێست بەرانبەر کێشەکانی ئافرەتی سەردەم و ماف و ئازادییەکانی و ڕۆڵە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی، بابەتێکی کێشەلەسەری بەردەوام بووە. دیدی جیاوازیش لەم ڕووەوە لە پارێزکار تا ڕادیکاڵ و تۆندڕەو خراوەتە ڕوو. دوای سەرهەڵدانی تەوژمی ئیسلامیی کوردستان و بەجەماوەریبوون و دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆی، بە تایبەتییش لە دوای ڕاپەڕین و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەم پرسە ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیی نوێی بە خۆوە بینی. چونکە مشتومڕی باوی لە ڕووی ئیسلامییەوە لەسەر بابەتەکانی ئافرەت لە ئاستی ئایینیی میللی و ناوەندە کۆمەڵایەتییە پارێزکارەکەی کۆمەڵگەوە گواستەوە بۆ ئاستی دامەزراوەی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە پارت و لایەنە ئیسلامییەکان بەرجەستەیان دەکرد.

ئیسلامییەکانیش لە سۆنگەی پاشخان و دیدی جیاوازی فیکری و فیقهی و بزاوتییەوە. خاوەن دیدێکی هاوبەش نەبوون لەم ڕووەوە. سەرهەڵدانی ئیسلامییەکان بە تایبەتییش لە یەکگرتووی ئیسلامیدا، هاوشان بوو لەگەڵ ئامادەبوونێکی بەرچاوی ئافرەتی پابەندی ئیسلامی لە بواری گشتی و کاری بانگخوازی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

دروستکردنی ڕێکخراوی تایبەت بە خوشکانی ئیسلامی و بوون بە بەشێك لەو ئامادەبوونە ئافرەتی و ژنانییەی حیزبەکانی تر و کۆمەڵگە. داوای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەتان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەکرد.

مشتومڕ و گفتوگۆکانی ئەم کتێبەش، کە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا و لە میانەی (٦) کاتژمێر گفتوگۆی تۆمارکراودا خراوەتە ڕوو. دەچێتە چوارچێوەی ئەو دۆخە و تێکەڵبوونی (ئیسلامییەکان) و بە تایبەتییش لەو کاتەدا یەکگرتوو بە کێڵگە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگە و وەڵامدانەوە بەو گومان و پرسیار و ئاڵنگارییەی ئەو تێکەڵبوون و ئامادەبوونە خوڵقاندوویانە و بەشێکیشی تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت درێژەیان هەیە.

کتێبی بەردەستیش هەر وەك وتمان گفتوگۆیەکی دوورودرێژی نووسەر و ڕۆشنبیری چەپ: (سالار مەجید)ە لەگەڵ نووسەردا.

ناوبراو کۆمەڵێك گفتوگۆی لەگەڵ ڕەمزی هزر و تەوژمە جیاوازەکاندا کردبوو، لەوانەش: نەوشیروان موستەفا، عیماد ئەحمەد، کرێکار، ناسك ئەحمەد، قادر عەزیز و کۆمەڵێ ڕۆشنبیر و چالاکوانی ژن و پیاوی بواری مافەکانی مرۆڤ و لە ساڵی (٢٠٠٠)دا دوای دواکەوتنێکی چەند ساڵی لە دووتوێی کتێبێکی قەبارەگەورەی (١٠٦٨) لاپەڕەییدا بە ناونیشانی: (کێشەی ئافرەت و بزووتنەوەی ژنان لە نێوان وەهم و واقیعدا) بڵاو کردەوە. چاوپێکەوتنەکەی نووسەر (١٥٧) لاپەڕەی کتێبەکەی داگیر کردووە.

لە ڕاستییشدا چاوپێکەوتنکار ویستی بوو گفتوگۆکە لەگەڵ نەمینداری گشتیی یەکگرتوو (مامۆستا سەڵاحەدین)دا بکات. بۆ ئەوەی ڕای یەکگرتوو و بەشێك لە تەوژمە ئیسلامییەکە ڕاستەوخۆ لە زاری

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

کەسی یەکەمی حیزبەکەوە وەربگرێت. بەڵام ڕەتی کردبۆوە و ڕەوانەی لای (مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی کردبوو، ئەویش مەرجی دانابوو کە پرسیارەکان بە نووسراو بن، گفتوگۆکاریش ئەمەی ڕەت کردبۆوە. لەوێدا بە ڕێکەوت من ئامادە بووم و وتم فەرموو پێکەوە گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەو ڕووەوە بکەین. بۆ ئەوەی ڕایەکی جیاوازی ئیسلامییەکان لەو کاتەدا یەکگرتوو نوێنەرایەتیی دەکرد و خۆشم وەک نووسەرێک بەشێک بووم لە هەوڵی تێۆریزەکردنی دیدگاکە و پەرەپێدانی، لە کتێبەکەدا نادیار نەبێت.

سالار مەجید وتی: "پرسیاری زۆر ئیحراجکەرت لێ دەکەم. هەرچی نەو دەقانەی ئیسلامن و گومانی لەسەر مافەکانی نافرەت دروست کردووە، بابەتی (جنس) و تەنانەت مەسەلەی کەسییش دەکەم بە بابەتی پرسیار و گفتوگۆکە."

وتم: "بێمنەت و ئازاد بە و چی دەپرسی بپرسە و سڵ لە هیچ پرسیارێک مەکەرەوە!"

سەرەنجام گفتوگۆکەمان بە چەند دانیشتنێک کرد و ئەم کتێبەی لێ بەرهەم هات کە ئێستا لە بەردەستی خوێنەری بەڕێزدایە. دووبارە چاپکردنەوەشی لە کتێبێکی سەربەخۆدا لەو ڕوانگەوەیە کە کتێبە هاوبەشە قەبارە گەورەکە بە ژمارەیەکی سنووردار چاپ کرا و زۆر کەس نەیبینیوە. بۆیە پێم باش بوو لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانمان، ئەم چاوپێکەوتنەش لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ بکەین. بە تایبەتییش بەشێک لە پرسیار و پرسەکان تاکو ئێستاش وەک بابەتی مشتومڕی فیکری و سیاسی بە کراوەیی ماونەتەوە و پێویستیان بە قسەلەسەرکردنی زۆرترە.

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێرست

پێشەکی ٣
تەوەرەی یەکەم: ٧
کێشەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ژنان لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟ ٧
تەوەرەی دووەم: ١٠
کێشەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ژنان نێستا لە چ ئاستێکدان؟ ١٠
تەوەرەی سێیەم: ١٢
کێشەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ژنان لە بەردەم سەدە و هەزارەیەکی نوێدا ١٢
تەوەرەی چوارەم: ١٤
کێشەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ژنان لە نێوان ئایدۆلۆژیا جیا و دژەکاندا ١٤
تەوەرەی پێنجەم: ٢٩
کێشەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ژنان لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا ٢٩
تەوەرەی شەشەم: ٤٢
تیرۆری کچان و ژنان لە نێوان مافی ئاموسپەرستی و تاوانی وەحشیگەریدا ٤٢
تەوەرەی حەوتەم: ٥٤
گۆڕینی یاساکانی نەحوال شەخشی و سزاکانی عێراقی لە نێوان کاری مەحاڵ و بڕیاری
شۆڕشگێڕانەدا ٥٤
تەوەرەی هەشتەم: ٥٧
بە پەراوێزکردنی ژنان لە نێوان بێتوانایی سرووشتی و بێفرسەتیی سە پێنراودا ٥٧
تەوەرەی نۆیەم: ٦٦
ژن لە ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتە ئیسلامییەکاندا ٦٦
تەوەرەی دەیەم: ٢٠٦

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ئافرەت لە دیدی مارکسیزم و نەزموونە سوسیالیزمەکاندا ٢٠٦
تەوەردی یانزدیەم: ٢٢٩
ڕزگاریی ئافرەتان لە نێوان بیدەنگیی ژنان و هاواری پیاواندا ٢٢٩
تەوەردی دوانزدیەم: ٢٣٣
ئافرەت و سێکس... تابۆی تابۆکان یان بنەمای ژیان؟ ٢٣٣
تەوەردی سیانزدیەم: ٢٤٢
ڕێکخراوەکانی (ژنان- ئافرەتان- خوشکان) لە نێوان کۆمیتەی حیزبی و نەرکی میژوویدا. ٢٤٢
تەوەردی چواردەیەم: ٢٤٦
ناشکراکردنی نهێنییە تایبەتییەکان لە نێوان نازایەتیی وتن و ترسی بیدەنگیدا. ٢٤٦
تەوەردی پانزدیەم: ٢٦٠
بابەتی نازاد ٢٦٠

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library